**بەڕێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز، کە ئەمرۆ سەدام حسێن و دارودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بەتۆمەتی ئەنفال و کیمیابارانکردنی کورد .**
**چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە.**
**هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلایکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەڵێ سەرنجی تر ئەمرۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆیە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .**

**دەستەی بەڕێوەبردنی دەنگەکان**
September 06
www.dengekan.com

**1-دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تا چەند پێوەرو گونجاوە بۆ دادگایی کردنی تاوانباران و کۆ کوژی کورد.**
**2-پرۆسەی دادگاییەکە چۆن دەگوزەرێ و تا چەند تەبایە لەگەڵ خواستی جەماوەری کوردستان و سکاڵای ژیان لێکەوتووان.**
**3-ڕەخنەو سەرنجەکانی شەقامی ڕەوەندی کوردی چۆن دەبینن ؟ ئەتوانن چی بگۆڕن لە ڕەهەندی دادگاییەکە؟**
**4-بۆچی چۆنیەتی بڕیاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە ؟**

## دارامەحمود

**وەڵامی پرسیاری یەکەم/** گەرچی ئەم پرسیارە پتر لایەنی پسپۆری و شارەزایی دەگرێتەوەو بەشی هەرەزۆری پرسیارەکە دەکەوێتە ئەستۆی یاساناس و پسپۆرانی ئەم بوارە. بەڵام چەند لایەنێکیشی هەیە بەتەنیا یاسایی نین. و دەکرێ لە دیدی سیاسی، ڕۆژنامەوانی، مافی مرۆڤیشەوە... هەڵسەنگێنرێ. کەمن لێرەدا هەوڵ دەدەم لەم بارەیەوە بدوێم.
بەبڕوای من ئەو هەل و مەرجەی ئەمرۆ ئەم دادگاییکردنەی تێدا بەڕێوەدەچێت، هەر لەبناغەوە نەگونجاوە بۆ دادگاییکردنێکی ئاوا گەورەو گرنگ. چونکە پرۆسەکە لەوڵاتێکدا بەڕێوەدەچێت کە لەقۆناغی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی خۆیدایەتی و ئەو بنیاتنانەوەیەش سیستەمی قەزایی و دادوەریش دەگرێتەوە. واتا دەزگایەک کە هێشتا بنیاتنەنراوەتەوە یان لە قۆناغی بنیاتناندایە چۆن دەتوانێ دۆسیەکی ئاواگرنگ وەئەستۆبگرێت. و پرۆسەکە بەگشتی خۆی لەبەردەم دوو بەربەستدا دەبینێتەوە:
یەکەم/ سیستەمی قەزایی لەعیراقدا سیستەمێکی شپرزەو ناکامڵە. و ئەم دادگاییکردنە ئەزموونێکی تەواو نوێیەتی. ئیتر نە بەوەها هەلومەرجێک ڕاهاتووە. و نەبەبەریشیەوەهەیە وازوو پێی ڕابێت و خۆی لە ژێر کاریگەریە کۆنەکان دەرباز بکات. سەردەمی ڕابردوو بەسەرچوو، و ڕژێمەکەی بەعس ڕووخا بەڵام چەند نەریتێکی بەجێهێشت کە ئەم نەریتانە تەنیا بەبڕیارو یاسای نوێ و نیازپاکی دادوەرو کەسایەتیەکانی ناو سیستەمی قەزایی لەناوناچن بەڵکو پەروەردەکردنێکی نوێ، بەخۆداچوونەوەو زهنیەتێکی نوێش دەخوازێت.
ئەم دادوەرانەی ئەمرۆ دادگایەکە بەڕێوەدەبەن دوێنێ لە ناو سیستەمێکدا کاری قەزاییان ئەنجامداوە. کە یاسای بەعس، یاسای بێ یاسایی، یاسای بێلایەن نەبوونی دادگا، یاسای سووکایەتی کردن بەمرۆڤ و بەهاکانی حوکمفەرما بووە. گەرچی دەکرێ ئەو قازیانە یان لانی کەم بەشێک لەوانە مرۆڤی باش و نیشتمانپەروەرو دیموکرات و عەدالەتخوازیش بن و بەعس نەیتوانیبێ پاشەڵیان پیس بکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز نکوڵی لەکاریگەرییەکانی پێشوو لەسەریان ناکرێت. لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە قەیرانەکە نەک تاک، بەڵکو سەرتاپای سیستەمی قەزایی لەعیراقدا دەگرێتەوە.

دووەم/ سیستەمی قەزایی هەر وڵاتێک چەندە ئازادو بێلایەنیش بێت هەربەشێکە لە دەوڵەت و دەسەڵاتی(قەزایی) یەکێک لە سێ دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەرییە. ئیتر چۆن دەکرێ وڵاتێک لە ناو ئەو هەموو گرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیانەدا نوقم بووبێت، باس لە دادگای ئازادو سیستەمێکی قەزایی بێلایەن بکرێت. ئەمڕۆ عیراق لە ئاستێکایە، کە لەڕووی نەبوونی ئاسایش و زاڵبوونی ترس و وەحشەتەوە یەکەمین وڵاتێکی جیهانە. و ئەم ترس و وەحشەتە داوەران و پارێزەران و سکاڵاکەران و شاهیدەکانیشی نەبواردووە.

گەرچی لەم واقیعەد پارادۆکسێکی سەیر هەیە. و ئەم وەسفەی سەرەوە زۆرتر لەگەڵ خواستی تاوانباران و پاشماوەکانی ڕژێمی پێشوو، و نەتەوەپەرست و شۆڤینیستانی عەرەبدا دەگونجێت. بەڵام دیدەکان جیاوازن. ئەوان هەلومەرجەکە بەنالەبارو نەگونجاو بۆ بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکە وەسف دەکەن تا کات بەدەست بخەن و تاوانباران لە ئاکامدا بە گۆڕانکارییەکی سیاسی و یانیش بە موعجیزەیەک ڕزگاریان بێت. بەڵام ئێمەش لەڕووی بێ باوەڕیمانەوە بەسیستەمی قەزایی عیراق و کاریگەرییە جۆربەجۆرەکان ئەوترسەمان هەیە کە عەدالەت لەژێر کاریگەری گۆڕانکاری و سەوداو مامەڵە سیاسییەکاندا بە شێوازی ئاسایی و گونجاو لەگەڵ پێوەرەکاندا بەڕێوەنەچێت. ومن بەش بەحاڵی خۆم و بەهەڵسەنگاندنی پرۆسەی دادگاییکردنەکە لەسەرەتاوە تائێستا ئەم دادگاییکرنە بەگونجاو لەگەڵ پێوەرەکاندا نابینم.

**وەڵامی پرسیاری دووەم/** هیچ دادگاییکردنێکی عادیلانە بۆیە بەڕێوەناچێت تا ڕاستەوڕاست لەگەڵ خواستی خەڵکیدا بێتەوە. بەڵکو لەگەڵ یاساو پێوەرو مافەکاندا.

پێموایە ئێمەی کورد هەرهەموومان لەدڵەوە، بەدوور لە عەدالەت بەواتا یاساییەکەی، دەخوازین هەرچی زووتر پرۆسەکە کۆتایی بێت و تاوانباران لەسەروی هەموویانەوە سەدام لەدار بدرێن(گەرچی لەدیدی شەخسیمەوە دژی سزای مەرگم). و لە عاتیفەی ئێمەدا سەدام و دارودەستەکەی تاوانبارن و ئیتر ئەمە هیچ گومانێک هەڵناگرێت. و ئەم دادگاییکردنەش وادەخوێنرێتەوە کە جۆرێک بێت لەدەستی دەستی پێکردن. کەواتە کوڵی دڵی ئێمە بەمجۆرە داناکەوێت و تەنانەت لەبەرانبەر خوێنی شەهیداندا ئێمەی زیندوو، هەستێک لەناخەوە پاڵمان پێوەدەنێت کە لەئاست ئەم کێشەیەو پرۆسەی دادگاییکردن و تاوانباراندا پتر سەختگیربین.

بەڵام پێموایە بەدوور لە عاتیفە، پێویستە جۆرێکی تر بۆ ئەم دادگاییە بڕوانین. و پتر لەوەی بیر لەسزادانی تاوانباران، بیر لە ناساندنی کارەساتی ئەنفال لەڕێگای ئەم دادگاییکردنەو قەرەبووی زیانە جۆربەجۆرەکان و سڕینەوەی پاشماوە مرۆیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیەوە بکەینەوە.

لەمانەش گرنگتر دانپێدانانێکی یاسایی بەکارەساتی ئەنفال بەوجۆرەی لەواقیعدا ڕوویداوە، دەتوانێ گوتاری سیاسی کورد بەهێزتر بکات. لەڕووی سیاسیشەوە بەشێوازێکی فراوانتر پەردە لەسەر ئەو پەڵە ڕەشەی بەناوچەوانی بیری نەتەوەپەرستی و شۆڤێنیزمی عەرەب و ئیسلامی سیاسی و درۆ زەبەلاحەکانیانەوەیە هەڵدەماڵێ.

لەئاکامدا و بەگەڕانەوە بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم، پرۆسەی دادگاییکردنەکە لەئاستی خواستەکاندا نیە و پێشموانییە هەلومەرجی سیاسی ئەم قۆناغەو تواناکانی دەوڵەتی نوێێ عیراق لەمە زۆرتری بەبەرەوەبێت.

**وەڵامی پرسیاری سێیەم/** ڕەخنەو سەرنجەکان بەشێوەیەکی گشتی لاوازن و پتر جەخت لەسەر لایەنی تۆڵەسەندنەوە لەتاوانباران دەکەنەوە. تا بەڕێوەچوونی عەدالەت. ئەمەش هەمان

شێوازی نەریتی و زاڵی کۆمەڵگا نادیموکراس و پاشقەرۆکانە. هەروا بەشێکی تری ئەم ڕەخنەوسەرنجانە بەودیوەدا دەڕۆن کە پرۆسەی دادگاییکردن بە هێواشی بەڕێوەدەچێت، یان بێزارکەرە... لەحاڵێکدا دادگا بریتی نییە لە فیلم و سریالی تەلەفزیۆنی تا بێتاقەتی بینەران دەربکات. بەپێچەوانەوە دەبێ پشووی دادگا هێندە درێژ بێت کە زۆربەی هەرەزۆری دیکۆمێنتەکان و ئیفادەی شاهیدو سکاڵاکەران بەسەرکاتەوە. چونکە هەر شاهیدێک لایەنێکی نوێ لەتاوانەکە نیشاندەدات و لەو شووێنانەشدا کە ئیفادەکان بەیەکدەچن سەلماندنی تاوانەکەیە کە ئەنفال لەوە گەورەترە کە حاڵتێکی ساختەی دروستکراوی سیاسی بێت. بەڵکو واقیعێکی حاشا هەڵنەگرەو ئەگەر کەسێکیش گومانی لەڕاستی ئەو ڕووداوەدا هەبێت، بەرەبەرە بەڕاستی دەگات.
بەڵام بەگشتی ڕەخنەو سەرنجەکان دەتوانن ئەو کاریگەریەشیان هەبێت کە دەسەڵاتی سیاسی کورد هۆشیارکاتەوە، قبوڵ نەکات پرۆسەی دادگاییکردن بەئاقارێکی خراپدا بچێت. هەروا دەشتوانێ ئەوکاریگەریەی لەسەر هزری تاک و کۆمەڵی کورد هەبێت کە خۆ لەکێشەکان دوورەپەرێز نەگرن و بەهەرشێوازێک بێت لە شێوازەکان بەشداری لە هەڵسەنگاندنی پرۆسەیەکی ئاواگرنگدا بکەن بەجۆرێک کە لەهەر بڕیارێکی سیاسیدا سەبارەت بەکورد، حساب بۆتاک تاکی کورد بکرێت نەک تەنیا نوێنەرایەتیە سیاسییەکەی.
ئێمە کە خاوەنی کێشییەکی ڕەواین دەبێ جەخت لەسەر عەدالەت بکەینەوە چونکە بەڕێوەچوونی عەدالەت بەشێوازی ئاسایی، خۆی لەبەرژەوەندی کێشەکەدایەو گومان لە ڕیسوابوونی تاوانباراندا نییە.

**وەڵامی پرسیاری چوارەم/** ڕووداوی ئەنفال پتر بۆ خوێندنەوەی داهاتووی خۆمان لەسەر بنەمای ئەزمونە ڕەش و تاڵەکان و پەروەردەکردنی هزری سیاسیمان گرنگە تائەوەی دەستکەوتێکی بەدواوە بێت. و من پێموانییە دادگاییکردنەکە لەباشترین حاڵەتی خۆیدا جگە لەلایەنە مەعنەویەکە هیچ دەستکەوتێکی تری هەبێت. و لام سەیرەو هیچ لەوەناگەم چۆن هەندێک بەتایبەتی بەشێک لەوبەڕێزانەی بەرلەمن وەڵامی ئەم پرسەیان داوەتەوە پێیانوایە ئێمە، وەک ئاکامێکی بەڕەسمی ناسینی جینیوساید دەرهەق بەکورد دەبینە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆمان. و پەیوەندی ئەم دوانە بەیەکەوە چییە..؟ ئایا ئەم خەونە بنەمایەکی یاسایی نێودەوڵەتی هەیە؟ ئایا ئەزموونێکی دیرۆکی وەها لەئارادایە..؟
لەمڕووەوە دەکرێ ئاماژە تەنیا بەدوو ڕووداوی کۆمەڵکوژی و جینیوسایدی دەرهەق جوولەکەو ئەرمەنی بکرێت. کە هیچکامیان لەسەرئەو بنەمایە نەبوونە خاوەن دەوڵەتی خۆیان چونکە جینیوسایدیان دەرهەق کراوە. ئەوەی ئەرمەنیی کردە دەوڵەت هەمان ئەو فاکتەرانەبوون کە ئازربایجان و تورکمانساتان و کرگیزستان و کۆمارەفیدراڵەکانی تری یەکیەتی سۆڤیەتی بەرێیان کردە دەوڵەت. کە کەم و زۆر پەیوەندی بەکارەساتی جینیوسایدی ئەرمەنیانەوە نەبووەو. حاڵەتی دووەمیش ئەزموونی جوولەکەیە کە جارێ وێکچواندنی کورد بەجوولەکە هەرلەبنەماوە هەڵەیەو دووەمیش ئەوەی بووە هۆی درووستبوونی دەوڵەتی جوولەکە بەم شێوازەی ئەمڕۆیی خودی عەرەب و گەوجایەتی ڕێبەرایەتییە سیاسییەکی بوو. کەدەوڵەتێکی هاوبەشی عەرەب و جوولەکەیان ڕەتکردەوە.
ئەوەی ڕێگر یان یارمەتیدەری درووستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیین بۆکورد هەلومەرجە سیاسییەکانن . کەگەلێک ئاڵۆزو فرە ڕەهەندن.
بێ هیچ گومانێک کورد دەتوانێ ببێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی. بەڵام نەک لەبەر ئەوەی کارەساتی ئەنفالی بەسەرهاتووە و ئەنفالیش جینیوسایدە. بەڵکو کاتێک ئەم خەونە بەدیدێت کە

ڕێبەرایەتی سیاسی کورد لەو ئاستەدابێت و ئەم خەونەش وەک ویستێکی مەزن لەناخی خەڵکی کوردا بێت. من هیچ باوەڕم بە موعجیزە نییە بەڵام باوەڕم وایە ئەوەی خواستی گەلان دەیخولْقێنێت لە ئاستی موعجیزەدایە.
ئێمە دەتوانین خۆزگەو ئارەزووە ڕەواکانی خۆمان بکەینە ویستێکی بەهێز. و لەگوتاری سیاسیشماندا بڵێین: نەتەوەیەک کەدووچاری کارەساتێکی وەک ئەنفال بووبێتەوە. ئیتر ناتوانێ باسی پێکەوەژیان لەگەڵ ئەونەتەوەیەدابکات کە شۆڤێنیست و تاریکپەرستانی ئەنجامیان دابێت.
ڕاستە ئەنفال بەپرۆسەیەکی کۆمەڵکوژی دەگوترێت کەسەرەتاو کۆتایی هەیە. بەڵام ئەنفال لەواقیعدا لەمە بەرفرەترەو ئایدیۆلۆژیایەکە ڕیشەکەی لەبیری ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامدایەو کورد هیچ ناچار نییە بۆهەمیشە خۆی لەژێر ڕەحمەتی ئەو ئایدۆلۆژیایەو کاریگەرەکانیدا بەند بکات.
سەد مەخابن بەهایەکی ئاوا هەرگیز پێویست نییە بۆئەوەی کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی. خۆزگە ئەم کارەساتەو کارەساتەکانی تر ڕوویانەنەدابایەو کورد هەرگیز نەبوایە خاوەن دەوڵەت. چونکە هەرگیز باوەڕم بەوە نییە کەداری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ. بەڵام کارەساتێکەو ڕوویداوە. خوێنێکی بەهادارەو بەناڕەوا ڕژاوە. و نەک تەنیا دیکتاتۆرێک و ڕژێمێک و ئایدیۆلۆژیایەک و دەوڵەتێک لێی بەرپرسیارە. بەڵکو لەئەستۆی سەرتاپای جیهانە. بەڵام ئەگەر پێمان وابێ جیهان ئامادەیە وەک ئاکامێکی سروشتی و قەرەبووکردنەوە، دەوڵەتی نەتەوەییمان بۆبکاتە دیاریی لەخەون و خەیاڵدا دەژین.

بەهای خوێنی ئەنفال لە دەوڵەتی نەتەوەیی بۆکورد پترە. بەهایەکی مەعنەویەو بەسامان و دەسەلات و بە تەنانەت بەدەوڵەتی نەتەوەیش قەرەبوو نابێتەوە.